ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

## نووسەرو مێژوونووس كاك فازڵ قەرەداغی لەبارەی كتێبی ( ظهور الكورد في التاريخ )

د.جەمال شارەزای زانیارییە هەرە سەرەتاییەكانی مێژووی كۆن و زمانە كۆنەكان نییە

رۆژنامەی كۆمەڵ ژمارە ١٩٠ ساڵی پێنجەم ١٣/ شەعبان ١٤٢٦ ٢٠٠٥/٩/١٧ لا ٩

گفتوگۆی: ئارام عەلی سەعید

ZAGROS WEBSITE

دكتۆر جەمال رەشید كە خاوەنی كتێبی (ظهور الكورد في التـاريخ)ەو لـەبواری مێژووی كۆنـی كوردستاندا ژمارەیەك نوسراوو كتێبی تری هەیە. ئەم كتێبەی كەنووسیوویەتی لـە سێ بـەرگ پێكهاتووە. لە بـەرگی سێیەمدا كۆمەڵێك قسەی بێرێزی تێدایە سەبارەت بە ئیسلام و كەسایەتی پێغەمبـەر (صلى الله عليه و سلم) و هەندێك لە دەقی قورئان و فـەرموودە، ئەمـەش دەنگۆو نـارەزایی دروسـتكردووە لـە نێـو زۆرێـك لـە مامۆسـتایانی ئـایینی و كەسایەتییە موسڵمانەكاندا، هـەر بۆیـە تایبـەت بـەم بابەتـە بـە پێویستمان زانـی سـەبارەت بـەو قسانە گفتوگۆیـەك لەگـەڵ نووسـەرو مێژوونـووس كـاك فـازڵ قـەرەداغی ئـەنجام بدەیـن، شـایانی باسـە كـاك فـازڵ لـەدوو توێـی كتێبێكی(٢٨٠) لاپـەڕەییدا رەخنەیـەكی بڵاوكردۆتـەوە تایبـەت بـەو كتێبـەی دكتـۆر جـەمال كە ئەمـە ناونیشانێتی: (بەشێكی كەم لە هەڵەكانی كتێبی ظهور الكورد في التـاريخ) كە كتێبی دووەمـی زنجیرە كتێبی(مێـژووی دێرینـی كوردستان)ی كاك فازڵە.

+ كاك فازڵ، لە كتێبەكەی دكتـۆر جـەمال رەشیـد (ظهور الكرد فى التـاريخ) قسەی ناشیاو كراوە بەرامبـەر بـە ئیسلام و پێغەمبەرەكەی (صلى الله عليـه و سلم) تـۆ كە كتێبێكت نووسیوە تێیـدا رەخنـە لـەو كتێبـە دەگری، رات چییە بەرامبەر بەو قسانەو چۆن بووە لەكتێبەكەتدا ئاماژەت بۆ ئەو قسانە كردووە؟

ـ ئەو قسانەی دكتـۆر جـەمال لە بـەرگی سێیەمدان، ئەو بەرگـەش لەگـەڵ چـاپی دووەمـی هـەردوو بـەرگی یەكەم و دووەمـدا دەرچوو و لەو كاتـەدا كتێبەكەی خۆم لەژێر چاپدا بـووە. سـەرەتاش و بەر لـەوەی باسـی ئـەو قسانەی بكـەم پێویسـتە باسـی كتێبەكـەی دكتـۆر جـەمال بەگشـتی بكـەم. كـاتێك رەخنـەم لەسـەر ئـەو كتێبـە دەنووسی، بـۆم دەركـەوتبوو كە ئـەوە خراپـترین كتێبـە بـە زمـانی كوردی. بـەپێی ئـەزموونی خـۆم لەگەڵ كتێبی كوردیـدا ئـەو راسـتییەم بـۆ دەركـەوتووە كە زۆر لـە نووسـەران دوو هەڵەی گـەورە یان راسـتتر دوو تـاوانی گـەورە دەكەن، یەكەم ئەوەیە زانیـاری لە كتێـب و بابـەتی خـەڵكی تـر دەدزن، واتـە زانیارییـەكان نـەقڵ دەكەن بـەڵام نـاوی ئـەو سـەرچاوەیە نانووسـن، بـەڵكو لـەوەش خراپـتر دەكەن: فڵانـی نووسـەر زانیارییـەك یان دوان یان سیان، جاری واشە دەیان زانیاری لە كتێبی (س) وەردەگرێ بـەڵام دەبینـین نـاوی ئـەو كتێبـە نانووسـێ یـان لـە دە جـار تەنـها جارێك و دوان دەینووسێ و لەجیاتی ئەوە دەچێ ئـەو سـەرچاوانەی لـەو كتێبـەدا هاتوون نـەقڵ دەكات و بـەم جۆرە خوێنـەر وا دەزانـێ ئـەو فڵانـی نووسـەرە هـەموو ئـەو سـەرچاوانەی بینیـوە، لەبـەر ئەوەشـە دەبینـین ئـەو فڵانـی نووسەرە چوار كتێبی خوێندۆتەوە كەچی لیستی سەرچاوەكانی دەگەنە پەنجا یان سـەد سـەرچاوە، ئـەویش چونكە ناوی سەرچاوەكانی ئەو چوار كتێبەی دزیوە. ئینجا پاش ئـەوە دەبینـن فڵانـی نووسـەر چەند كتێبێكی بـەم جۆرە

بڵاوکردۆتەوەو ئەوەندە نازانین دەبێتە ناوێکی گەورە یان بەلای کەمەوە دەبێتە پسپۆڕ لە فلانە بواردا. هەڵە یاخود تاوانی دووەم ئەوەیە ئەو نووسەرە بێئەوەی شارەزایی لە زمانەکان هەبێ زانیارییەکان دەکاتە کوردی بۆیە دەبینین بەشی هەرە زۆری وەرگێڕانەکان سەقەت دەردەچن. کتێب و بابەتی لەم جۆرەم زۆر بینیوە، بۆ نموونە برادەرێك شتێك لە کتێبێکی عەرەبییەوە نەقڵ دەکات بەڵام لەجیاتی ئەوەی ناوی ئەو کتێبە عەرەبییە بنووسێ دەبینی ناوی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییە دەنووسێ کە کتێبە عەرەبییەکە نووسیویەتی ئەوەش بە مەرجێك ئەو سەرچاوە ئینگلیزییەی نەبینیوە، بەڵکو تەنانەت بێئەوەی شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی هەبێ.

+ ئایا ئەم کارە توێژێکی تایبەت دەیکات؟ کێش زۆرتر کاری وا دەکات؟

-وەڵامەکەم ئەمەیە: کێ نایکات؟ لە قوتابییەکی قوتابخانەیەکی ناوەندییەوە، کە مامۆستا داوای راپۆرتی لێدەکات، تا مامۆستایەکی زانکۆ کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە. براکەم هەموویان، یان ئەگەر نەختێك بەحەزەرەوە قسە بکەم، زۆربەیان ئەوە دەکەن. ئینجا دەبینی ئەم و ئەو ستایشی ئەو کتێبەیان دەکەن و بە فەتحێکی گەورە لەقەڵەمی دەدەن.

+ بگەڕێینەوە سەر کتێبەکەی دکتۆر جەمال رەشید. تۆ لە کتێبەکەتدا باسی شتی زۆری لەم جۆرەت کردووە، ئایا ئەگەر خەڵکی تریش ئەوە بکەن بۆچی کتێبەکەی دکتۆر جەمال خراپترین کتێبی کوردییە؟

-لەڕاستیدا ئەو کتێبە بۆیە خراپترین کتێبە چونکە گەورەترین بڕی ئەو کارەی تێدا کراوە. چاپی یەکەمی کتێبەکەی د.جەمال کە رەخنەکەم لەبارەوە نووسی، بریتی بووە لە دوو بەرگ بە ژمارەی ١٢٠٠ لاپەڕە، خۆ ئەگەر دێڕ بە دێڕی ئەو ١٢٠٠ لاپەڕەیە رەخنەم بنووسایە لە ١٢٠٠ لاپەڕەم زیاتر دەویست، ئینجا ئێستا بەرگی سێیەمیشی دەرچووە! منیش تەنها لەبارەی بەرگی یەکەمەوە شتم نووسیبوو تەنها چەند بەشێکی ئەو بەرگەشم وەرگرت، ئینجا پاش ئەوە رەخنەکەم نزیکەی ٢٨٠ لاپەڕە دەرچوو. لەو رەخنەیەشمدا نووسیومە هەر لاپەڕەیەك هەڵدەیتەوە هەڵە وەکو شارەمێرووڵە دەبینی، بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە، شتی زۆر لەوە خراپتر هەیە، چونکە نەك تەنها ناوی سەرچاوەی نووسیوە بێ ئەوەی بینیبێتی و نەك تەنها وەرگێڕانەکەی سەقەتە بەڵکە لەوە زیاتر شارەزای زانیاریی هەرە سادەکانی مێژووی کۆن و شوێنەوار نییە.

+باشە کاك فازڵ چۆن توانیوتە ئەوە بسەلمێنی؟

-ئەوانەم لە کتێبەکەمدا باسکردووە. با لەزمانزانییەوە دەست پێبکەم، هەرچییەکیش دەیڵێم لە کتێبەکەی خۆمدا دوورودرێژتر باسم کردووە. ئەگەر سەیری بەرگی کۆتایی کتێبەکەی ناوبراو بکەی دەبینی نووسراوە کە د.جەمال شارەزایە لەم زمانانە (ئەوروپاییەکان، ئاسیاییەکان، سلافی، جەرمانی، ئینگلۆسەکسۆنی، هندۆئێرانی، سامی، تورکی، .. بێجگە لە هەندی زمانی فەوتاو)، بەڵام کە وەرگێڕانەکەی لەگەڵ سەرچاوەکە بەراورد بکەی، دەبینی ئەو تەنانەت زمانی ئینگلیزی، کە زۆر کەس دەیزانن، بەباشی نازانێ، بۆ نموونە وشەی **Highroad** (ڕێگای سەرەکی) بە تەرجومەی حەرفی کردووە ئەویش (ڕێگای بەرز)، یان وشەی **Wrongly** واتە (بەهەڵە) کە دکتۆر کردوویەتی بە (لەواقیعدا)، یان وشەی ئاوێتەی فەرەنسی **vis-à-vis** واتە(بەرامبەر) ئەم بە ناوی دەوڵەتێکی زانیوە. ئەم نەشارەزاییەش لە زمانەکان لە وەرگێڕانی وشەیەك و دواندا نییە، بەڵکو ئەمە لە سەرجەم وەرگێڕانەکەدا دیارە. دکتۆریش ئەمە حاڵێتی کەچی دەبینی کتێبەکەی پڕکردووە لە سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی و سلۆڤینی و تا خۆی حەز بکات زمانی جیهان.

ZAGROS WEBSITE

ئینجا ئەگەر بێینە سەر زمانە فەوتاوەکان هەمان شت دەبینین. بۆ نموونە یەکێك لە شتە سادەکان کە قوتابییەکی شوێنەوار دەیزانێ ئەوەیە لەنووسینی مێخی (مسماری) ژمارەیەك هێما هەن بۆ جیاکردنەوەی ناوەکان، بەم جۆرە هێمایەك هەیە بۆ ناوی خوداوەندەکان، هێما بۆ پیاو، ئافرەت، باڵندە، درەخت، شار، وڵات..تاد، ئەم نیشانکەرەوانەش دەچنە پێش ناوەکە (یان پێش‌و پاش ناوەکە). نیشانکەرەوەی خوداوەند کاتێك دقەکە لە مسمارییەوە دەکرێتە لاتینی بە زۆری پیتی d ی بۆ بەکاردێ کە کورتەی وشەی سومەریی (دینگیر)ەو بەبچووکی لەسەرەوە دەنووسرێ، واتە خوداوەند، بۆیە کە ئەمە دەبینی $^{d}$ Ashshur دەزانی مەبەست لێی خوداوەند ئاشورە نەك شاری ئاشور، بەڵام دکتۆر کە گوایە زمانە فەوتاوەکان دەزانێ ئەو راستییە هەرە سادەیە نازانێ بۆیە دەبینین ناوی (خوداوەند ئاشور) لەدەقێکدا دەکاتە (شاری ئاشور)! هۆی ئەوەش ئەوەیە (هێرتسفێلد) کە ئەو دکتۆر ئەو زانیارییەی لێوەرگرتووە تەنها نووسیویەتی (ئاشور)و دکتۆر وایزانیوە مەبەست لە شاری ئاشورە. نموونەیەکی تر رستەیەك باسی فەرمانڕەوایانی وڵاتی (سوبارتو) دەکات کەچی دکتۆر ئەوەی بە (گوێدرێژانی سوبارتو) زانیوە! ژمارەیەك نموونەشم هەیە کە فلانە کەس شتێکی نووسیوە کەچی دکتۆری خۆمان کە وەریگێڕاوە تێنەگەشتووەو پێچەوانەکەی وتووە.

د. جەمال تەنانەت شارەزای ئەو زاراوانەش نییە کە هەر لێکەڵەوەرەیەکی دەستپێکەر، ئیتر لە هەچ بوارێکدا بێ، دەیزانێ، وەك زاراوەی بیبلیۆگرافیا و ئیندێکس. شتێك هەیە پێی دەوترێ (ئیندێکس) واتە(پێڕستی ناوەکان)کە لەکۆتایی کتێبەکەدا دادەنرێ‌و ئەگەر خوێنەر ویستی بەدوای ناوی کەسێك یان شوێنەکەدا بگەڕێ لێرەدا دەیدۆزیتەوەو دەزانێ لە لاپەڕە ژمارە چەنددا هاتووە، (بیبلیۆگرافیا)ش واتە لیستی ئەو سەرچاوانەیە کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە کەچی دکتۆر بە ئیندێکس دەڵێ بیبلیۆگرافیا.

ئەو تەنانەت کە شت لە عەرەبییەوە نەقڵ دەکات‌و هەر بە عەرەبی دەینووسێ هەڵە لەو نەقلکردنە دەکات. هەرچەندە عەرەبییەکەی دکتۆر بۆ کوردێك باشە بەڵام لەو زمانەش هەروا هەڵەی هەیە وەك بۆ نموونە کردنی نێر بە مێ‌و مێ بە نێر، ئەمەش جگەلە هەڵەی تر.

+ئەوە سەبارەت بە زمان، ئەی سەرچاوەو زانیارییەکان؟

- ئەو پیاوە بەڕاستی زۆر داماوە، وەك وتم ناوبراو زانیاریی لە سەرچاوەی (س) وەردەگرێ‌و کەم جار ناوی ئەو سەرچاوەیە دەبات‌و لەجیاتی ئەوە ناوی ئەو سەرچاوانە دەنووسێ کە (س) نووسیویەتی‌و بەم جۆرە خوێنەر وا دەزانێ دکتۆر هەموو ئەو سەرچاوانەی بینیوە. ئەمەش لە لاپەڕەیەك‌و دوان‌و دە نییە بەڵکو لە هەموو کتێبەکەیدا هەیە. ئەوکارەش کە دەیکات ئەدەبەن ناوی دەنێم ((بردن))، زانیارییە ((براوەکان))یشی بە هەڵە وەرگێڕاوە. شتی خۆش لێرەدا ئەوەیە دکتۆر لەبەر ئەوەی شارەزایی مێژووی کۆنی کوردستان‌و عێراق‌و دەوروبەریان نییەو لەبەر ئەوەی ئیشی تەنها ((بردنی)) زانیاری‌و ناوی سەرچاوەکانە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە هەڵەی وا دەکات کە دەستپێکەران نایکەن، چەند نموونەیەکیشت بۆ دەڵێم:

دکتۆر لاپەڕەی زۆر لە کتێبە عەرەبییەکەی (تاها باقر) وەردەگرێ‌و تەنها جارێك یان دوان ناوی دەبات‌و لەزۆر شوێندا بەهەڵە تێدەگات، بۆ نموونە کاتێك باقر باسی چینەکانی سەرەوەی شوێنەواری (چەرموو)ی لای چەمچەماڵ دەکات هەر دەستپێکەرێکی شوێنەوار دەزانێ مەبەست لە چینی شوێنەوارییە، واتە ئەو ئەستوورایییەی خۆڵ یان خۆڵ‌و بەرد کە هی سەردەمێکی دیاریکراوەو هەر شوێنەوارێك بریتییە لە ژمارەیەك



ZAGROS WEBSITE

چینی شوێنەواری، یەك لەسەر ئەوەی تر. باقر دەڵێ خانووەکانی چینەکانی سەرەوەی چەرموو بەبەرد دروستکراون کەچی د.جەمال دەڵێ: خانووەکانی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بەبەرد دروستکراون! هەر قوتابییەکی شوێنەواریش دەزانێ مەبەست لە چینی شوێنەوارییە نەك چینی کۆمەڵایەتی.

کەسێکیش ئیشەکەی تەنها ((بردنی)) بەرهەمی خەڵکی بێ هەڵە لەوە زیاتر دەکات، هەڵەکانی نووسەریش نەك تەنها زۆرن بەڵکو سەیرو سەمەرەشن، بۆ نموونە شتێکی لە هێرتسفێلد ((بردووە)) و سەرچاوەکەشی ((بردووە)) بەڵام لەبەر ئەوەی پەراوێزەکە زۆر ورد نووسراوە چووە لەجیاتی پەراوێزی ژمارە ٢ پەراوێزی ٣ی نەقڵکردووە بەمەرجێك پەراوێزی ٣ سەرچاوەیەکە تایبەتە بە سەردەمی ساسانیو پەراوێزی ٣ هی زانیارییەکی ١٦ سەدە پێش ئەوەیە. نموونەیەکی تر ئەوەیە هێرتسفێلد باسی پارچەیەکی شوێنەواریی کردووە کە لە مۆزەخانەی لوڤردایەو لە پەراوێزدا ژمارەی ئەو پارچەیەی نووسیوە کە ئەمەیە A O 2776 واتە ئەمە ژمارەیەتی لەو مۆزەخانەیەدا بەڵام لەبەر ئەوەی هێرتسفێلد ئەمەی لە پەراوێزدا نووسیوەو لەبەر ئەوەی د.جەمال ئاگای لەو بابەتانە نییە وایزانیوە ئەمە ناوی گۆڤارێکی ئەڵمانییەو وەکو سەرچاوە نووسیویەتیو بێگومان خوێنەر وایزانیوە دکتۆر ئەو سەرچاوە ئەڵمانییەی بینیوە. خوێنەری ئاسایی بێ هیچ سەرچاوە دەزانێ ئەمە هەڵەیە چونکە هیچ گۆڤارێك ئەو ژمارە زۆرەی لێ دەرنەچووە، گریمان ساڵی دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە کەواتە گۆڤارەکە ٢٣١ ساڵە دەردەچێ! یان شوێنەوارناسی عەرەب د. فەوزی رەشید باسی ناوچەی (خامازی)ی کردووەو ناوی بەرگی سێیەمی سەرچاوەیەکی ئەڵمانیی بردووە کە ئەمە هەڵەیەو بەرگی چوارەمە کەچی د.جەمال بەوە نەوستاوە ئەو زانیارییەی د.فەوزیی ((بردووە)) بەڵکو ناوی سەرچاوەکەشی ((بردووە))و نووسیویەتی بەرگی سێیەم! هەڵبەت ئەگەر د.جەمال ئەو سەرچاوەیەی ببینیایە دەیزانی د.فەوزی هەڵەی کردووە. دکتۆر زۆر جار بۆچوونەکانی خەڵکی تریشی کردووە بە هی خۆیو جاری وابووە بە هەڵە لەو بۆچوونە تێگەشتووەو بەهەڵە وەریگێڕاوە.

شتێکی خۆشی ترت پێ دەڵێم: دکتۆر لە چەند لاپەڕەیەکدا باسی شمشارەی کردووە، زانیشمان ئەو تەنها زانیاری نابات بەڵکو سەرچاوەکانیش ((دەبات)) کەچی لەو لاپەڕانەدا ناوی تەنها یەك یان دوو سەرچاوە دەهێنێ، بۆچی؟ چونکە ئەو سەرچاوەیەی شتەکانی لێ ((بردووە)) ناوی هیچ سەرچاوەیەکی تێدا نییە! هەموو ئەم شتانەم لە کتێبەکەمدا بەزیادەوە باسکردووە.

+ کاك فازیل با بێینە سەر بەرگی سێیەمی کتێبەکەی کە ئەم دەنگۆیەی ناڕازی زۆری لای زانایانی ئیسلامیی دروستکردووە، چونکە هەڵەی بەرامبەر بە ئیسلام کردووە، هەر چەندە تۆ لە کتێبەکەتدا ئاماژەت بەوە نەکردووە لەبەرئەوەی ئەو کاتە چاپ نەکرابوو، بزانین بەرگی سێیەمی چۆنە؟

- بەرگی سێیەمی هەڵەی زۆر تێدایەو فڕی بەبابەتی زانستییەوە نییە، با تەنها باسی لیست سەرچاوەکان بکەم. لە لاپەڕە (٦٩٥-٧٦٧) کە دەکاتە (٧٠) لاپەڕە هەموویان ناوی سەرچاوەن، رەنگە هەزار سەرچاوە بن، لەو ٧٠ لاپەڕەیە ٣٠ لاپەڕە کە دەکاتە نزیکەی (٤٠٠) سەرچاوە هەیە کە ئەمەی بۆ نووسیون: (ئەو بابەتو لێکۆڵینەوە زانستییانەی پێشکەش کراوون بۆ کۆنگرەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی)، بەشی زۆری ئەو ٤٠٠ سەرچاوەیەش بابەتو کتێبنو بۆ هیچ کۆنگرەیەك پێشکەش نەکراون، ئەگەر دکتۆر هەر کامەی لەمانە ببینیایە ئەو راستییەی دەزانی، بەڵام بەداخەوە لەو وەزعی نەخوێندەوارییەی کوردستان بەسە مرۆڤ ناوی سەرچاوە ریز



ZAGROS WEBSITE

بکات تا ببێتە بلیمەتی زەمانی خۆی. نموونەیەکی تری ئەو لیستانە ئەوەیە نووسیویەتی (لیستی گۆڤارو فەرهەنگە بێگانەکان) کە ئەمانە بە کورتکراوی هەنو ئەو کورتکراوانە هەڵەی جۆراوجۆریان تێدایە، بەهەرحاڵ، یەکێك لە کورتکراوەکانە ئەمەیە: A NET کە ئەمە نە گۆڤارەو نە فەرهەنگە، ئینجا لە شوێنێکی تردا چووە لە ناو کتێبە (ئینگلیزیو ئەڵمانیو فەرەنسییەکاندا..تاد) دیسان نووسیویەتییەوە ئەمجارە بەناوی (پریچارد) کە (محرر)ەکەیەتیو نەیزانیوە ئەمە هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشووە، بەواتایەکی تر دکتۆر کاتێکی زۆری سەرفکردووە بۆ کۆکردنەوەی ناوی سەدان سەرچاوە کە نەیدیون، ئەویش بەهەڵە زۆرو بێ ئەوەی بزانێ ئەمانە چین، لەمەشەوە دەزانین کە لەو هەزار سەرچاوەیە ئەوپەڕی بیست یان سی سەرچاوەیە بینیوە، ئەوەش حاڵی تێگەشتنو وەرگێڕانەکەیەتی کە بینیمان

+ با بگەڕێینەوە سەر ئەوەی ئەم نووسەرە لە نووسینەکانیدا زۆر بە ئاشکرا کۆمەڵێك قسەی نابەجێ سەبارەت بە ئیسلامو پێغەمبەرەکەی (صلى الله علیە و سلم) دەکات دەتوانی لێرەدا چی بڵێی؟

- من پێم وتی لەسەرەتاوە ئەو کابرایە زۆر داماوە، زانیاری لە خەڵك بردووەو ناوی کەسی نەهێناوەو ئینجا بەسەقەتی بردوونی. دڵنیابە ئەوانە قسەی خۆی نینو تەنها نەقڵی کردوون، چونکە قسەشی لەسەر ئاینی جوولەکەش کردووە، ئەوەشی نەقڵی دەکات خۆشی نازانێ چییە. ئەم کابرایە شارەزایی نە لە قورئانو نە لە ئیسلامو نە ئاینی تر هەیە. جگەلەوە ئەوەی دەینووسێ وەکو مۆدەیەکی سەقەت کە دەڵێ: ئەو کاتە ڕۆشنبیری کە قسەی بە ئاین بڵێی.

دکتۆر دەڵێ ئیسلام هەندی شتی وەرگرتووە لە جاهیلیەتەوە بۆ نموونە (ئەو مانگانەی کە شەڕی تێیاندا حەرامە)، بەڵام دەبێ بەڵگەکەی چی بێ؟ (فسیحوا فی الأرض أربعة اشهر) کە ئەم ئایەتە پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییەو مانگە حەرامەکان لە ئایەتی تردا باسی کراون. ئینجا تەوراتو باسی ژنهێنانی سەردەمی (ئیبراهیم) (سەلامی خوای لێبێ) دەکات کە لە ناوخۆیاندا بووە ئەویش بە ئیعترافی ئیبراهیم کە بە فیرعەونەکەی وتووە کەوا (سارە) لە هەمان کاتدا خوشکیەتیو ژنیەتی، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لە تەوراتدا نەوتراوە بەڵکو سەرەتا ئیبراهیم بە (سارە)ی وتووە من لای پاشاکە دەڵێم خوشکمی بە درۆم مەخەرەوە ئینجا دوایی پاشا میسر دەزانێ کە ئەمە ژنیەتی. ئەو تەنانەت شتی وای نەقڵکردووە کە کەس لە دۆستو دوژمنانی ئیسلام نەیوتووە وەك ئەوەی وەزعی ئافرەتی عەرەب لە جاهلیەت باشتر بوو لەچاو ئیسلام. شتی واش دەڵێ کە ناڕێکە بە قسەی خۆی وەك ئەوەی دەڵی پیاو پێش ئیسلام بۆی هەبوو هەموو جارێك ژنەکەی تەڵاق بداتو بیگەڕێنێتەوە بەڵام ئیسلام تەلاقی سنووردار کردووە بە سێ جار، ئەمە ڕاستە بەڵام ئاگای لەوە نییە چیی نووسیوە چونکە دەڵێ وەزعی ئافرەت لەئیسلامدا خراپتر بووە لەکاتێکدا تەنانەت ناحەزانی ئیسلامیش ئەوە بەچاکەی ئیسلام دەزانن. یان کە بە (عدة) دەڵێ (مدة الطلاق) کە زاراوەی وا لە وجووددا نییە، یان دەڵی ئەو (مدة الطلاق) شەش مانگە!! یان دەڵێ (ئەگەر لە ڕەمەزاندا نوێژو ڕۆژوو نەکرێ ئەوا کەفارەتی کۆیلەیەك ئازاد بکرێت یاخود نانی هەژارێك بدرێت) باشە ئەوا بۆ ڕۆژوو کەفارەت هەیە، ئەی لەکەیەوە کەفارەتی نوێژنەکردن هەیە؟ لە هەمووشی خۆشتر نوسیویەتی ئەمە لەصەحیحی بوخاریدایە.

+ کاک فازل ئایا ئەم جۆرە تەعامولە لەگەڵ نووسیندا حاڵەتێکی دەگمەنە؟

ZAGROS WEBSITE

- نەخێر، ئەمە بووەتە حاڵەتێکی گشتی، من پێشتر لەسەر ماستەرنامەیەکم نووسیوە کە وەکو د.جەمالی کردووە بەڵام بەو خەستییەی ئەو نا، ئێستاش کتێبی کەسێکی ترم لەبەردەستدایە کە باسی ئیسلامی سیاسی دەکات کە لە (٣-٤) سەرچاوەی نەقڵێکردووە کە\چی نزیکەی سەد سەرچاوەی نووسیوە. ئەویش وەکو دکتۆرو وەکو باقی کەسانی تر کە ئەم کارە دەکەن لەهەر کوێدا ئەو سەرچاوانە هەڵەیان کردبێ ئەوانیش هەڵەکانیان دووبارەکردۆتەوە، بۆ نموونە (د. نەصر حامد ئەبو زەید) کتێبی (الصحوة الاسلامیة بین الجحود و التطرف)ی (یوسف قەرەزاوی) لە دوو شوێندا نووسیوەو لە جیاتی (الجحود) نوسیویەتی (الجمود) ئەو کابرایەش زانیارییەکانی د. نەصری ((بردووە))و وەکو ئەو لەپەراوێزیش و لە لیستی سەرچاوەکانیشدا نووسیویەتی (الجمود)، براکەم هەموویان، یان ئەگەر زوڵم نەکەین، زۆربەی زۆریان ئەوە دەکەن، لەقوتابییەکی ناوەندییەوە تا مامۆستایەکی زانکۆ تا ئەو کەسەی وەکو پسپۆڕ ناوی دەرکردووە.

+ کەواتە دەزگای ئەکادیمی ئەمڕۆ لە کوردستاندا متمانەی پێناکرێ و لاوازو بێ هێزە؟

- بەداخەوە هیچ متمانەم بە دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان نەماوە، وەکو وتم زۆربەیان ئەمە دەکەن، حەقیقەتێکی تاڵە بەڵام دەبێ رووبەڕووی بینەوە.

+دواوتەت سەبارەت بەو کتێبەی د. جەمال.

- وەك وتم ئەوە خراپترین و سەقەتترین کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا، من داوا دەکەم ئەو کتێبە بپارێزرێ لە ئەرشیفی نەتەوەییداو لە چەند شوێنێکدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی پاش (٢٠-٣٠)ساڵ خەڵکی دوای ئێمە بزانن لەم سەردەمەی ئێمەدا ئاوا کتێب و بابەت نووسراون. ئەم کتێبە شایەتییەکی زیندووە لەسەر ئەوەی کورد لە بواری مێژووی کۆندا، بەڵکو لە زۆر بواردا لەدوای هەموو میللەتانەو ئەوانە بەئارەزووی خۆی شت دەنووسن، داخیش لەوەدایە کە بۆیان لواوە.

ZAGROS WEBSITE